refugee action

working with refugees to build new lives

information

# یارمەتی *Section 4 NASS

## یارمەتی *Section 4 بۆ کێ دەشێت؟

ئەگەر تەاوی ئەمانەی خوارەوە سەبارەت بە تۆ دروست بێت ئەوا یارمەتی *Section 4 بۆ تۆ دەشێت:

- ئەگەر تۆ پەنابەر بووبیت وە
- داخوازی پەنابەری تۆ پەسەند نەکرابێت وە
- تۆ هیچ ڕیگایەکی وەرگرتنی یارمەتی دیکەت نەبێت
- ئەگەر تۆ داوای پێداچوونەوە لە سەر کەیسی خۆت کردبێت ئەوا دەبێت یارمەتی بە تۆ بدرێت. تکایە لە ئێمە داوا بکە.

وە ئەگەر یەکێک لە ئەمانەی خوارەوە سەبارەت بە تۆ دروست بێت:

- ئەگەر تۆ پێشتر داوای بەڵگەکانی سەفەرت (لە بالوێزخانەی / ناوەندی خزمەتی کۆچبەری خۆتان) کردبێت یا بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە ناوت نووسیبێت وە چاوەڕوانی ئەوە بیت کە پێش گەڕانەوە وردەزانیاری پێویست بۆ سەفەرت کۆ بکرێتەوە.
- ئەگەر لە بەر هۆکاری پزیشکی لە باری جەستەییەوە ناساغ بیت و نەتوانی بریتانیا بەجێ بهێڵی
- ئەگەر *Home Office (وەزارەتی ناوخۆ) بڵێت کە هیچ ڕێگایەکی بێ مەترسی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەت نییە
- ئەگەر بە تۆ ڕێگە درابێت کە سەبارەت بە داخوازی پەنابەری خۆت یەک *Judicial Review دەربهێنی
- ئەگەر وەزارەرتی ناوخۆ بڵێت کە ئەگەر بە تۆ یارمەتی نەدرێت مافە مرۆڤیەکانی تۆ پێشێڵ دەبێت - بۆ وێنە لەبەر ئەوەی کە پارێزەرەکەت سەبارەت بە داخوازی پەنابەری تۆ *further representations-ی دەستەبەر کردووە یا لەبەر ئەوەی کە تۆ دەستگیر کراوی

## یارمەتی *Section 4 چیە؟

- سەرپەنای پێدراو لە لایەن *NASS (ئن ئەی ئس ئس) کە ئاساییانە لەگەڵ 35 پاوند لە هەر هەفتە بۆ کرێنی خۆراک و کەلووپەلی ئارایشی بە تۆ ئەدرێت.
- هیچ پارەی نەختی زیاتر بە تۆ نادرێت.
- ڕەنگە ئەو سەرپەنا کە بە تۆ ئەدرێت هەر لە ناوچەکەی خۆت بێت بەڵام ئەگەری ئەوەیش هەیە کە ناچار بیت لە سەرپەنای ئێستاتەوە بۆ شوێنێکی دیکە بیگۆزیتەوە.
- ڕەنگە ئن ئەی ئس ئس* بە شێوەی بەردەوام تێڕوانی ئەوە بکات کە ئایا تۆ هێشتا ئەو پێوەرانەی سەرۆت هەیە، وە ئەگەر تۆ پێوەرەکانت نەبێت ڕەنگە یارمەتی رابگرێت (بۆ وێنە ئەگەر داخوازی خۆت بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بکێشیتەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە پێدانی یارمەتی بە تۆ بەتاڵ بکرێتەوە).

## چۆن دەبێت داخوازی بدەم؟

- تکایە بچۆ بۆ نزدیکترین ئاژانسی ڕاوێژ – ئەوان دەتوانن یارمەتی تۆ بدەن تا فۆرمێک بۆ داخوازی دان بە ئن ئەی ئس ئس* پڕ بکەیەوە
- ئن ئەی ئس ئس* لە تۆ داوا دەکات کە فۆرمێک پڕ بکەیەوە کە دەڵێت تۆ لە مەرجەکانی یارمەتی *Section 4 تێدەگەی- ئێمە ئەوە بۆ تۆ ڕوون دەکەینەوە.
- پاش ئەوەی کە داخوازیت دا، ڕانگە ماوەیەک بخایەنێت تا تۆ سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا ئن ئەی ئس ئس* یارمەتی Section 4 بە تۆ ئەدات یا نە ئاگادار بکرێیتەوە.
- ئەگەر ئن ئەی ئس ئس یارمەتی *Section 4 بە تۆ ئەدات، ڕەنگە ماوەی یەک هەفتە بخایەنێت تا تۆ بتوانی بچیتە ناو سەرپەناکەوە.

* ئەم وشانە ناوی ئینگلیسی ڕیکخراوەکان یا ئەو وشانەی دیکەن کە ناکرێت وەریان بگێڕینەوە. تکایە لە ڕاوێژکارێک داوا بکە تا واتای ئەوانە بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە.

**تکایە ئەگەر هەرجۆرە پرسیار یا نیگەرانیەکت هەیە بپرسە.**